وەزارەتی کۆچبەران گەڕانەوەی 487 ئێزدی بۆ شەنگال ڕاگەیاند

وەزیری کۆچ وکۆچبەران ئیڤان فایەق جابرۆ ڕایگەیاند کە 487 ئێزدی گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان لە شنگال . جابرۆ لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-487 ئێزدی بەئارەزووی خۆیان لە کەمپی شاریا گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان لەناوچەی شنگال. وتیشی پڕۆسەی گەڕانەوەکە بەهەماهەنگی بوو لەگەڵ [illegible] لقی وەزارەت لەپارێزگای دهۆک و هێزە ئەمنییەکان و هەردوو حکومەتی خۆجێیی و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان. ئاماژەی بەوەشکرد کە لەمبارەیەوە هەماهەنگی کراوە لەگەڵ ڕێکخراوی کۆچی جیهانی بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی ئاوارەکان لە کەمپەکەیانەوە بۆ زێدی خۆیان.